# بەرەی گەل

**پێناسە:**

**بزاڤێکی خۆرسـکانەی سـیاسـی، کۆمەڵایەتی و مەدەنیانەی کەسـایەتی، ڕێکخراو و گرووپە سـیاسـییەکـانی هەرێمی کوردسـتـانە کە لە ڕەوشی ئێستا و سیستەمی سیاسی ناڕازین. چەقی قورسایی و شوێنی کارکردنی باشووری کوردستانە.**

**ئامانجەکان:**

١- گۆڕینی ڕیشەیی لە سیستەمی سیاسی و پێکهێنانی حکومەتی خەڵک لە باشووری کوردستان.
٢- بنیاتنانەوەی تاک و کۆمەڵ بە شێوازی سەردەمیانە.

**میکانیزم:**

١- پێکهێنانی بزاڤێکی کارا بۆ گێڕانەوەی متمانە و ئینتمای نیشـتمانی بۆ هاووڵاتیان کە بەهۆی سـیاسـەتی پاوانخوازی و قۆرخکاری دەسـتەڵاتەوە بێهیوا کراوە، هەستی نیشـتمانپەروەری تێکشـکێندراوە و نیشـتمانیش لەنێو گێژاو و قەیراندا نغرۆ کراوە.
٢- بە شـێوازەکانی تێکۆشـانی جۆراوجۆرەوە هەوڵی گۆڕینی سـیستەمی سیاسی دەدات و کار بۆ جێگرتنەوەی دەکات.
٣- بزاڤێکی سـیاسـیی هاوچەرخانەیە، بۆ گۆڕین و دەسـتاودەسـتکردنی دەسـتەڵاتی سـیاسـی و حوکمڕانی، بە ئامانجی دەسـتەبەرکردنی ژیانێکی باشتر ململانێ و کێبەرکێ دەکات.

**نەخشەڕێگەی بەرە:**

١- کۆکردنەوەی زۆرترین کەس و لایەنی ناڕازی کە بۆ ئامانجەکانی بەرە تێدەکۆشن.

٢- دەروازەی ئەندامبوون لە بەرە کراوە دەبێ و بە کراوەییش دەمێنێتەوە.

٣- بەشـــــداربوانی بەرە، لە دەرەوەی کـاری بەرەییـدا، لە دەربڕینی ڕاو بۆچوونی خۆیان ئازادن.

٤- هەماهەنگی لەگەڵ ئاراســـتەکانی هاوشـــێوەی خۆی لە کوردســـتان و عێراق دا دەکات

**ستراتیجی بەرە گەل:**

لەگەڵ ئەم سـیسـتەمی حوکمڕانییەدا بەشـداری ناکات و وەک ئۆپۆزیسـیۆن دەمێنێتەوەو درێژە بە چالاکیەکانی خۆی دەدات.

**بەڕێوەبردنی بەرەی گەل:**

١- بڕیارەکان بە دەنگی زۆرینەی بەشداربوان یەکلایی دەکرێتەوە.

٢- ئەنجومەنی گشتی بەرە لەو ئەندامانە پێکدێ کە بەرەیان پێکهێناوە.

٣- ئەنجومەنی گشتی ئۆرگانەکان و ئەرکەکانیان دەستنیشان دەکات.

٤- ئەنجومەنی باڵای بەرە لە ســـــەرۆکی گروپ وڕێکخراوەکان و نوێنەری پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان و نوێنەرانی دەرەوە پێکدێ کە لەنێو خۆیاندا وتەبێژێک هەڵدەبژێرین کە هەر سێ مانگ جارێک دەگۆڕدرێ..

٥- ئەنجوومەنی باڵای بەرە سەرپەرشتی کاری ئۆرگانەکان دەکات.